# کوردستان لە ساڵی رابردوودا

**فەرامەرز سەجیم**

faramarz_sajem@yahoo.com
faramarz_sajem@hotmail.com

ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی، کۆتایی پێهات و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان ساڵێکی دیکەی تێپەڕاند. ساڵێکی پڕ لە دەسکەوت و ئەزموون، ساڵێکی پڕ لە تێکهەڵچوون و قوربانیدان و ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتنی سیاسی. بێگومان رووداوەکانی ساڵی ٨٤ لە کوردستانی ئێران، زۆرتر لە رابردوو دەنگی مافخوازانەی ئەو خەڵکەی بە گوێی بیروڕای گشتی چ لە ناوخۆ و چ لەو دیوی سنورەکان گەیاند. خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٤دا، بزووتنەوە رەواکەیان بە هەموو تەنگ و چەڵەمەکانیەوە، بوێرانەتر لە ساڵانی رابردوو بەرەوپێش برد و بۆ چەندەمین جار بە کۆماری ئیسلامی‌یان سەلماند کە لە کوردستان کەمترین جێگە و شوێنی نییە و ئەگەر هەتا ئێستاش لە کوردستان دەسەڵاتی بە دەستەوەیە، بە زۆری سەرکوت و زەبر و زەنگی هێزە چەکدارەکانیەتی.

رووداوەکانی ساڵی رابردوو لە کوردستان کەلەبەری نێوان دەسەڵات و جەماوەری سەد هێندەی رابردوو زۆرتر کرد و خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ئازادیخوازانەکەی بە گژ کۆماری ئیسلامیدا کرد. سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان لە هەموو بوارێکدا چڕتر بووە و خەڵکی کوردستان ئەوەیان بە باشی بۆ دەرکەوتووە. ئەگەرچی کوردستان لە ساڵی رابردوودا لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی بە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی چەند هەنگاو بەرەوپێش چوو، بەڵام خەڵکی کوردستان هەروەك رابردوو دەرگیری گەلێك دیاردەی مەنفی کۆمەڵایەتی و هەروەها زۆر کێشە و گرفتن کە بەشێکی زۆریان پێوەندییان هەبە بە سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان. هەژاری هەروەك رابردوو زۆرینەی خەڵکی کوردستان ئازار دەدات، بێکاری گەورەترین گرفتی لاوانی کوردستانە، ئێعتیاد بە مادە سڕکەرەکان مەترسییەکی گەورەیە لە سەر ژیان و داهاتووی خەڵك و بە تایبەت لاوان، نەبوونی ئاسۆیەکی روون بۆ داهاتوو، لاوانی لەمبارەوە تووشی ناهۆمێدی کردووە، خۆسووتاندن و خۆکوژی ژنان، سووکایەتی کردن بە کچان و ژنان وەك دیاردەیەك هێشتا هەر ماوە و کۆماری ئیسلامی بە یاساکانی و بە هەموو توانایەوە پارێزەی مانەوەی ئەم دیاردەیەیە، گوشاری بەسیجی خوێندکاری لە سەر خوێندکاران بۆ راکێشانیان بەرەو بەسیج تا دێت زۆرتر دەبێ، گوشاری لە رادە بەردەی چەند نیهادێکی رژیم وەك ئەمری بە مەعروف و نەهی لە مونکەر و ئیدارەی ئەماکن تەنگی بە خەڵك و لاوانی کوردستان هەڵچنیوە و دام و دەزگاکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان هەر کامەیان بۆ خۆیان بوونەتە دادگایەك و جێبەجێکەری سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و دەخاڵەت لە تایبەتیترین لایەنی ژیانی خەڵکدا دەکەن. تەنانەت بازاڕیان و فرۆشیارانی جل و بەرگی ژنانە و جل و بەرگەکانی مۆدی رۆژ لە ژێر زەخت و گوشاری هێزە کۆنەپارێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئەماندا نەبوون و بە گشتی دەکرێ بڵێین گوشار لە سەر ژیانی خەڵك ئێجگار زۆرە و لەمبارەوە ناڕەزایەتییەکی زۆر لە ناو خەڵکی کوردستاندا لە ئارادایە و تا دێت پەرە دەستێنێ.

دواکەوتوو راگرتنی کوردستان لە باری سەنعەتییەوە، هەروەك رابردوو سیاسەتی سەرەکی کۆماری ئیسلامییە لە کوردستان و سەروەت و سامانەکانی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتداران و ئاغازادەکانیانەوە

بەردەوام بە فیڕۆ دەچێ و بە تالان دەبردرێ. هەڵاواردنی نەتەوەیی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان یەکێ لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامییە و دووبەرەکی نانەوە ئایینی لە نێوان خەڵکی کوردستان، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە ساڵی رابردووشدا بۆ چەند جاری دیکەش تاقیکرایەوە.

بەم پێشەکییەوە، لە سەرەتای ساڵی تازەی هەتاویدا، پێویستە چاوێك بخشێنینەوە بە سەر گرینگترین رووداوەکانی ساڵی رابردوو لە کوردستان و هەڵسەنگاندنێکمان لەبارەیەوە هەبێ. بێشك باسکردنی هەموو رووداوەکانی ساڵی رابردووی کوردستان لە توانای ئەم بابەتە و ئەم بڵاو کراوەدا نییە و ناگونجێ. بەڵام تێدەکۆشین گرینگترین رووداوەکانی ساڵی رابرددوی کوردستان وەبیر خوێنەرانی "ئاسۆی رۆژهەلات" بێنینەوە.

## خاکەلێوە

رۆژانی نەورۆز و تین و تەوژمی خەڵك و ئاگر کردنەوەکانی نەورۆز و چوارشەممە سووری، ساڵی رابردوو بوون بە یەکەمین مەیدانەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان و سەرەڕای دژایەتی توندی کۆماری ئیسلامی و هەڕەشەکانی ئیتلاعات لە خەڵك و لاوان سەبارەت بە کردنەوەی ئاگری چوارەشەممە سووری و نەورۆز، خەڵکی کوردستان وەك نەریتی هەموو ساڵێك رێزیان لە نەورۆز و چوارشەممە سووری گرت کە ئێستا ئیتر بۆتە رەمزی یەککگرتووی خەڵکی کوردستان. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە هەموو شارەکان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ سەرکوتی هەر جووڵانەوەیەکی ئێعترازی. بە تایبەت لە شاری سنە و سەقز و مەهاباد، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەریان بە ئاگر کردنەوەکانی گرت و بەم هۆیەوە چەند تێکهەڵچوونێك لە نێوان خەڵك و هێزە سەرکوتگەرەکانیدا روویدا. سەرباری چاودێری کردنی توندی هێزی ئینتزامی لوتکەی زۆربەی شاخەکانی کوردستان ئاگری نەورۆزیان لەسەر کرایەوە و وەك هەموو ساڵێ نەروز بوو بە جەژنی خەڵکی کوردستان.

رۆژی ٧ی خاکەلێوە، هێزە ئینتزامییەکان کە بە هۆی رووداوەکانی نەورۆزەوە داغ لە دڵ بوون، تەقەیان لە لاوێکی شاری بانە بە ناوی ئازادی سپی کەمەرەیی کرد و کوشتیان. ئەم کردەوەیە بووە هۆی ناڕەزایی و قینی خەڵکی شاری بانە و دەوروبری. خەڵکی شاری بانە خوازیاری سزادانی بەرپێوەبەرانی ئەو جنایەتە بوون و بەو مەبەستە سەردانی فەرمانداریيان کرد، بەڵام لەگەڵ چەکدارەکانی هێزی ئینتزامی بەرەوڕوو بوونەوە و لە ئەنجامدا خەڵکی ناڕازی هێرشیان کردە سەر فەرمانداری و ماڵە سازمانییەکانی هێزە ئینتزامییەکانی کەلانتەری ژمارە ١٢ و پاشان رژانە سەر شەقامەکان و شووشە و پەنجەرەی بانکەکانیان شکاند و هەتا سەعات ١٠ی شەو درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەیاندا و لە دژی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی ریبەری رژیم دروشمیان دا. رۆژی دواتر لە شاری بانە حکوومەتی نیزامی راگەێندرا و هەزاران کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی رژانە ناو شاری بانە و ئەو شارەیان بە تەواوی میلیتاریزە کرد و ژمارەیەکی زۆر لە لاوانی شاری بانەیان قۆڵبەست کرد.

رۆژی ١٨ی خاکەلێوە خەڵکی هەموو شارەکانی کوردستان، بە تایبەت سنە، مەریوان، بۆکان، مەهاباد، دیواندەرە، کرماشان، بانە، سەردەشت و پیرانشار، بە بۆنەی بوون بە سەرکۆماری مام جەلال تاڵەبانی رژانە سەر شەقامەکان و جەژن و شادییان گێڕا و پیرۆزبایيان لە یەکتر کرد. کۆماری ئیسلامی کە ئەو وەزعەی بینی، دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە لە شارەکانی بۆکان، بانە و سەردەشت، بە ئاشکار حکوومەتی نیزامی راگەیاند و لە مەهاباد و پیرانشار هێرشیان کردە سەر خەڵك. لەو تێکهەڵچوونانەدا ژمارەیەك لە خەڵکی شارەکانی مەهاباد و پیرانشار بریندار بوون و هەروەها لە لە هەموو شارەکانی کوردستان ژمارەیەك لە لاوانی گیران. لە شاری مەهاباد

و پیرانشار خەڵك بە دژی کۆماری ئیسلامی دروشمیان دا و بە بێ سەرنجدان بە حکوومەتی نیزامی و هەڕەشەکانی ئیتلاعات هەتا درەنگانی شەو خەریکی شایی و هەڵپەڕکێ بوون. خەڵکی کوردستانی ئێران جیا لەوەیکە پێشکەوتن و سەرکەوتنی برا کوردەکانی خۆیان لە عێراق جەژن گرت، هاوکات لەگەڵ ئەوە، بە هەموو جیهانیان نیشاندا کە کوردەکانی ئێرانیش خوازیاری مافە نەتەوەییەکانی خۆیانن و سەرکەوتنی برا کوردەکانیان لە پارچەکانی دیکە بە سەرکەوتنی خۆیان دەزانن. ئەوە نیشانیدا کە رووداو و هەل و مەرجی هەر کام لە پارچەکانی کوردستان چەندە لە سەر پارچەکانی دیکە کاریگەری هەیە و خەڵکی کوردستان بە چ شێوەیەك پشتیوانی لە یەکتر دەکەن.

لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی دەوری نۆهەمی سەرکۆماری لە ئێران کە ئەحمەدی نژاد بە ئینتسابێکی کوودەتا لە ئاکامدا بوو بە سەرکۆماری ئێران، لە رۆژی ١٨ی خاکەلێوەدا، ئیسلاحخوازانی کورد لە شاری بۆکان کۆبوونەوەیەکیان ساز کرد. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە چەند رۆژ بەر لەوەش کۆبوونەوەیەکی لەوچەشنە لە شاری کرماشان ساز کرابوو. کوردستان لەو سەروبەندەدا ببوو بە یەکێ لە سەرەکیترین مەیدانەکانی چالاکیی هەر دوو باڵەکەی ناو دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. ئیسلاحخوازانی کورد، بە خەیاڵی خۆیان دەیانهەویست، دژایەتی گەلی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە و بە پێکهێنانی شوورای ئیسلاحخوازانی کورد، لە هەوڵدابوون خەڵکی کوردستان بۆ دەنگدان هانبدەن. سەرەڕای بانگهێشتی نووسەران و رۆژنامەوانانی کوردستان بۆ ئەو کۆبوونەوەیە، پشتیوانییەکی ئەوتۆی لێنەکرا. هۆکارێکی گرینگ لەمبارەوە، سەرکەوتنی سیاسیی خەڵکی کوردستانی باشوور و دەسکەوتەکانی ئەو خەڵکە بوو کە هیوای دەدا بە خەڵکی کوردستانی رۆژهەڵات. هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو کە ئیسلاحخوازانی کورد، سنوورێکیان لە نێوان خۆیان و کۆماری ئیسلامیدا دیاری نەکرد و لە لە کۆبوونەوە و نووسراوەکانیاندا کە بانگەشەی خەڵکی کوردستانیان دەکرد بۆ دەنگدان، هیچ ئاماژەیەکیان بە مافە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران نەکرد و تەنانەت بۆ یەکجاریش خەڵکی کوردستانیان وەك نەتەوە ناو نەبرد و خواستە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانیان بە پڕۆژەی نەتەوەی سازی ناو برد و دەیانوت یەکێ لە گرفتە سەرەکییەکانی ئێستای ئێرانە. بە هەر حاڵ خەڵکی کوردستان بە هیچ شێوەیەك فریوی ئیسلاحخوازانی کوردیان نەخوارد و ئەمە سەرکەوتن و دەسکەوتێکی گەورە بوو بۆ خەڵکی کوردستان و پەیامێکی روونی بە کۆماری ئیسلامی و ئیسلاحخوازانی کورد دا و ئەوە بوو کە خەڵکی کوردستان، کۆماری ئیسلامییان بە هەموو شکڵ و شێوەکانیەوە قەبووڵ نییە.

## گوڵان

١٦١ کەس لە نووسەران، هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کوردستان لە رۆژانی سەرەتای مانگی گوڵاندا بە نووسینی بەیاننامەیەك، لەگەڵ ئیسلاحخوازانی کورد سنووربەندییان کرد و رایانگەیاند، ئەو کەسانەی کە لە هەندێ رۆژنامە و بڵاو کراوەی کوردیدا، لە زمان خەڵکی کوردستانەوە قسە دەکەن و بانگەشەی خەڵك دەکەن بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان، نوێنەرانی خەڵکی کوردستان نین و ئێمە خۆمان لەو کەسانە دوور رادەگرین. ئەم بەیاننامەیە ئاوێکی ساردی رژاندە سەر دەستی ئیسلاحخوازانی کورد. رۆڵی کۆمەڵە و میدیا و چاپەمەنییەکانی لە وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان و لەقاودانی ئیسلاحخوازانی کورد، بە هەقیقەت لەو ناوەدا دەدرەوشایەوە.

رۆژی ٢١ی گوڵان، کۆمەڵێکی زۆر لە خوێندکارانی زانکۆی ئازادی ئیسلامی سنە، بە کۆبوونەوە مانگرتن ناڕەزایەتی توندی خۆیان لە هەمبەر سەرکوتکردنی ئازادیی رادەربڕین و پێشێلکردنی مافی خوێندکاران،

نەبوونی ئازادیی و چالاکیی سیاسی دەربڕی و خوازیاری وەلآمدانەوەی بەرپرسانیان لەمبارەوە بوون. ئەو ناڕەزایەتییە لەوێوە دەستی پێکرد کە چەن ڕۆژ بەر لەو ڕێکەوتە، بەرپرسان بڕیاریاندا خوێندکارانی کچ و کوڕ لە ناو زانکۆ لێك جیا بکەنەوە، تەنانە هەر لە دەرگای ڕۆیشتنە ناو زانکۆوە. لە جەریانی ئەو مانگرتنەی خوێندکاراندا هەروەها چەند باسی دیکەش هاتە ئاراوە، وەك، ڕێگە نەدانی بەرپرسان بە سازدانی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئەدەبی و فەرهەنگی، بەر گرتن لە دەرچوونی بڵاوکراوە خوێندکارییەکان و هەر چەشنە چالاکی سیاسی.

## جۆزەردان

ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردان، نزیك بە هەزار کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد، بە بۆنەی هەڵبژێردرانی مەسعوود بارزانی بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، ڕژانە سەر شەقامەکان و دەستیان کرد بە ئاهەنگ گێڕان و دەربڕینی شادی وخۆشحاڵی خۆیان بەو بۆنەوە. هێزەکانی ڕژیم هێرشی دڕەندانەیان کردە سەر ئەو خەڵکە کە وێنەی بەڕێزان مام جەلال تاڵەبانی و مەسعوود بارزانی‌یان هەڵگرتبوو و ٥٠ کەسی لێ دەسگیر کردن و تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە و بۆ ماوەی چەندین سەعات درێژەی کێشا. کۆماری ئیسلامی دەیهەویست بەمجۆرە فەزای سیاسی کوردستان هەندێك هێدی کاتەوە کە لە نەورۆزە بۆ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نائارام ببوو، بەلآم هێندەی دیکە خەڵکی کوردستانی بە گژ خۆیدا کرد.

لەم سەر و بەندە دا پڕوپاگەندەی لایەنەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکانی دەوری نۆهەمی سەرکۆماری لە ئێران چڕتر ببوو. هەر بۆیە هاوکات لەگەڵ ڕووداوی ڕۆژی ٢٤ی جۆزەردانی شاری مەهاباد، یەك ڕۆژ دواتر خەڵکی شار کرماشان بە سازدانی کۆبوونەوە و بە ئەنواعی شێوەی دیکە، ناڕەزایی خۆیان لە حاست هەڵبژاردنە نومایشییەکەی سەرکۆماری دەربڕی. بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە کرماشان کە ئەو دۆخەیان بینی، هەر لە یەکەمین ساعەتەکانی شەوی چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردانەوە، بە هەزاران هێزی سەرکوتگەری خۆیان ڕژاندە ناو شاری کرماشان هەتا بەر بە هەر جووڵانەوەیەکی ئیعترازی بگرن و لە یەکەمین ساتەکاندا سەرکوتی بکەن. چونکە خرۆشانی شارێکی کوردستان لەو سەرۆبەندەدا، بە تایبەت شارێکی گەورەی وەك کرماشان کە دراوسێی چەند ئوستانی دیکەی ئێرانە، بۆ کۆماری ئیسلامی بە گران تەواو دەبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستیان کرد بە ئەزێت و ئازاردانی خەڵك و بە بێ هیچ هۆ و بەڵگەیەك، دەیان لاوی شاری کرماشانیان گرت هەتا خەڵکی ئەو شارە چاوترسێن بکەن.

کۆماری ئیسلامی کە بێ‌مەیلی خەڵکی کوردستانی بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری بینی، کەوتە پیلاندانان و لە چەن ناوچەی کوردستان بە ناوی کۆمەڵەوە ڕاگەیاندنیان بڵاو کردەوە کە تێیدا داوا لە خەڵکی کوردستان کرابوو، لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن. هەر لەو سەروبەندەدا، کاری ڕاگەیاندنی لاینگرانی کۆمەڵە بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە زۆربەی شار و ناوچە و گوندەکانی کوردستان، هێندەی دیکە جەماوەری هاندا بەرەو تەحریمی هەڵبژاردنەکان.

یەکێ لە گرینگترین ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردووی کوردستان لە ڕۆژی ٢٧ی مانگی جۆزەردان و هەفتەیەك دواتر بۆ جاری دووهەم لە ٣ پووشپەردا ڕوویدا. ڕۆژی ٢٧ی جۆزەردان هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ئێران بەڕێوە چوو. هەڵبەت نەك هەڵبژاردن، بەڵکوو ئینتسابێکی کوودەتا ئاسا کە تێیدا جانییەکی ڕەوانی بە فرت و فێڵ و یارمەتی گەورە دەسەلآتدارانی کۆماری ئیسلامی تێیدا سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بوو بە سەرکۆماری ئێران. خەڵکی کوردستان بە شێویەکی بێ‌وێنە نۆهەمین هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییان تەحریم کرد و "نا"یەکی

گەورەیان تەحویلی کۆماری ئیسلامیدا. "نا"یەک کە هەڵگری پەیامی روونی خەڵکی کوردستان بوو بۆ دەسەڵاتدارانی ئێرانی. بە شاهیدی هەموو خەڵکی کوردستان ڕێژەی دەنگەکان لە زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان هێندە کەم بوو کە شەرمەزارییەکی گەورەی نەسیبی کۆماری ئیسلامی کرد. بە جۆرێك کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کەوتنە پەلەقاژە و بۆ بەرگرن لە ئابوور چوونی زۆرتری رژیمەکەیان، بە دەیان و سەدان ئوتووبووس، بەسیجی و پاسدار و خانەوادەکانیان لە ئوستانەکانی دیکەوە هێنا بۆ شارەکانی کوردستان و بردیاننە پێی سندووقەکانی دەنگدان. بێجگەلە کەسانی نیزامی و خانەوادەکانیان و ژمارەیەك کامارمەند و مامۆستا و خوێندکار کە هەڵبەت بە زۆر و هەڕەشە و گوڕەشە و بە هۆی ترس لە دەرکران لە سەرك کار و گوزینش نەکردن لە زانکۆ چووبوونە پێی سندووقەکانی دەنگدان، لە خەڵکی ئاسایی بە دەگمەن لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدارییان کرد و سندووقەکانی دەنگدان لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان چۆڵ مانەوە. خەڵکی کوردستان بەم تەحریمەیان کە بەرینترین دەنگدانەوە بوو لە ئاستی ئێران و تەنانەت میدیا دەرەکییەکاندا، رایانگەیاند کە دەسەڵاتی ئەم رژیمە بە سەریاندا سەپاوە و رژیمی دەسەڵاتدار کەمترین پێگە و شوێنی لە کوردستاندا نییە.

## پووشپەڕ

ڕۆژی ١٨ی پووشپەر رووداوێك، جنایەتێك روویدا کە خەباتی خەڵکی کوردستان بردە قۆناغێکی دیکەوە و یەککگرتوویيەکی پتەو و نەپساوەی لە ناو خەڵکی کوردستاندا پێکهێنا کە هەتا ئەمڕۆکەش بەردەوامە. ڕۆژی ١٨ی پووشپەڕ، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڕەکی پشت تەپ لە شاری مەهاباد، چەند لاوێك دەدەنە بەر دەسرێژی چەك و دوو کەسیان لیٚ بریندار دەکەنو یەکێکیان بە ناوی مەماڵ ئەسفرین، ناسراو بە شوانەی سەید قادر دەکوژن. تەرمی شوانە رۆژی دواتر بە شێوێندراوی تەحویلی خانەوادەکەی دەدرێتەوە. ئەو کردەوەیە خەڵکی شاری مەهاباد تووڕە دەکات و بە هەزاران کەس دەڕژێنە شەقامەکان و تەرمی شوانە دەبەن دەینێژن و دەست دەکەن بە دروشمدان بە دژی کۆماری ئیسلامی. ئەمە سەرەتای ئاخێزە جەماوەرییەکەی ئەمساڵی کوردستان بوو کە دواتر زۆربەی هەرە زۆری شارەکانی کوردستان گرتەوە و بوو بە راپەڕینێکی جەماوەری. خەڵکی شاری مەهاباد رۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە کوشتنی وەحشیانەی شوانەی سەید قادر، ماندەگرن و هەموو دوکان و بازاڕەکانیان داخست. شەوی ٢٤ی پووشپەڕ، خەڵکی قارەمانی شاری مەهاباد، هەر لە ئێوارەوە لە چەندین گەڕەکی ئەو شارە، دەستیان کرد بە کۆبوونەوە و داواکاری بە سزا گەیاندنی بکوژانی شوانە بوون. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر خەڵکی ناڕەازی و لاوانیش بەرەنگاریان بوونەوە و هەتا درەنگانی شەو نائارامی و تێکهەڵچوون بەردەوام بوو. ئەوە پێنجەمین رۆژ بوو کە تێکهەڵچوونی نێوان خەڵکی شاری مەهاباد و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی درێژەی دەکێشا. هاوکات لەگەڵ ئەوە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری مەریوان کە مەترسی پشتیوانی خەڵکی شاری مەریوان لە خۆپیشاندەرانی مەهابادیان بەدی دەکرد، بۆ چاوترسێنکردنی خەڵك دەستیان کرد بە ئەزێت و ئازاردانی خەڵك و ١٥ کەسیان بە بیٚهۆ دەسگیر کرد.

## گە لاوێژ

ڕۆژی ٢ی گەلاوێژ، بە رەسمی پشتیوانیکردنی خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان لە خەڵکی شاری مەهاباد دەستی پێکرد. لەو رۆژەدا خەڵکی شار سەردەشت بۆ پشتیوانی لە خواستەکانی خەڵکی شاری مەهاباد، دوکان و بازاڕیان داخست. ئێوارەی ئەو رۆژە خەڵك لە گەڕەك و شەقامەکانی شاری سەردەشت

کۆبوونەوە و دەستیان کرد بە ناڕەزایی دەربڕین. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە زەبر و زەنگ و تەقە کردن لە خەڵك رووبەڕووی خەڵك بوونەوە، بەڵام هەتا درەنگانی شەو، ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان درێژەی کێشا. رۆژێك دواتر، خەڵکی شاری شنۆ، بۆ پیشتیوانی لە خەڵکی شاری مەهاباد و جنایەتی هێزەکانی رژیم لەو شارە، دوکان و بازاڕان داخست و مانگرتنێکی بەرین لەو شارەش دەستی پێکرد. ئێوارەی ئەو رۆژە هێزی ئینتزامی تەقەیان لە کۆبوونەوەی هێمنانەی لاوان کرد و دوو لاوی دیکەشیان شەهید کرد و ٣ کەسی دیکەیان بریندار کرد. بە شوێن پشتیوانیکردنی خەڵکی شاری شنۆ لە خۆپیشاندانی خەڵکی شاری مەهاباد، خەڵکی شاری پیرانشار، دوکان و بازاڕەکانیان بە نیشانەی ئیعتراز داخست و مانگرتن ئەو شارەشی گرتەوە.

مانگرتنەکەیان ورده ورده هەموو کوردستانی گرتەوە، خەڵکی شاری سنەش رۆژی ١١ی گەلاوێژ دوکان و بازاڕەکانیان داخست. لە شەقامی فێردۆسی خەڵکی خۆپیشاندەر و هێزەکانی رژیم بە گژ یەکتردا چوون و بە هۆی تەقەی هێزەکانی رژیم چەند کەس بریندار بوون. هەر بۆیە کەلانتەری ژمارە ٢ و چەند ماشێنی هێزی ئینتزامی کەوتە بەر رق و تووڕەیی خەڵك و ئاگری تێبەردرا. حکوومەتی نیزامی بە سەر شاری سنەدا زاڵ کرا و هەموو شار و دەوروبەری میلیتاریزە کرا. شایانی باسە دوو رۆژ بەر لەوە ٥٠٠ کەس لە چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشتیوانانی مافی مرۆڤ، ئێن‌جی‌ئۆکان و خوێندکاران لە بەردەم ئوستانداری کۆبوونەوە و پشتیوانییان لە خەڵکی شاری مەهاباد کرد و خانمی رۆیا تلووعی و سەعید ساعدی و ٣ کەسی دیکە بە نوێنەرایەتیی جەماوەر توانیان چاویان بە بەرپرسانی رژیم بکەوێ. هەر لەو سەروبەندەدا، بە هۆی تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە نزیك ئاوایی نجێی خواروو، دوو کەس کە بۆ تەعمیری ماشێن چووبوونە ئەو شوێنە، کوژران. ئەم جنایەتە بووە هۆی تووڕەیی خەڵکی شار بانە و خەڵك هەموو دوکان و بازاڕەکانیان داخست و لەبەردەم فەرمانداری کۆبوونەوە و شووشە و پەنجەرەکانی فەرمانداریيان تێك شکاند.

رۆژانی ١١ و ١٢ گەلاوێژ، خەڵکی شاری سنە بۆ جارێکی دیکە دەستیان کرد بە مانگرتن و پشتیوانییان لە خەڵکی شاری مەهاباد کرد و هەموو دوکان و بازاڕیان داخست. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەستبەجێ حکوومەتی نیزامییان راگەیاند و شاریان بە تەواوەتی میلیتاریزە کرد. شەوی ١١ی گەلاوێژ، سەدان کەس لە خەڵکی شاری سنە، بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی قۆڵبەست کران و ئەوە هێندەی دیکە ناڕەزایەتی خەڵکی شاری سنەی پەرە پێدا. هاوکات لەگەڵ مانگرتنی خەڵکی شاری سنە، لە مەریوانیش هەموو دوکان و بازاڕەکان داخران و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی شاری مەریوانیان بە حوزووری خۆیان تەنی.

یەکێ لە گەورەترین رووداوەکانی ئەم مانگە لە شاری سەقز روویدا کە ئاخێزەکەی خەڵکی کوردستانی هێندەی دیکە پەرە پێدا و رق و قینی خەڵکی کوردستانی لە کۆماری ئیسلامی زۆرتر کرد.رۆژی ١٢ی گەلاوێژ، خەڵکی شاری سەقز، بە وەڕێخستنی خۆپیشاندان، پشتیوانیان لە خەڵکی شاری مەهاباد کرد و جنایەت و سەرکوتکاری هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکووم کرد. بەڵام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، تەقەیان لە خەڵك کرد و ٥ کەس لە خەڵکی ئەو شارەیان شەهید کرد و دەیان کەسیان بریندار کرد. خەڵکی تووڕەی شاری سەقز لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تێکهەڵچوون و شەڕێکی قورس هاتە ئاراوە. لە بەرانبەر ئەو سەرەڕۆییەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیدا ئیدارە و بانك و پاسگا و مەقەڕاتی کۆماری ئیسلامی کەوتە بەر ناڕەزایەی خەڵك و تێکشیکێندرا و ئاگریان تێبەردرا.هیلی کۆپتێرەکانی رژیم بە سەر شاری سەقزدا دەگەڕان و هەموو شار میلیتاریزە کرا. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەخۆشخانەیان گەمارۆ دا و دەیان کەسیان بە برینداری

دستبەسەر کرد و سەدان کەسی دیکەشیان ڕاپێچی زیندانەکان کرد کە ژمارەیەکیان هەتا ئێستاش بێسەروشوێنن.

ڕۆژی ١٥ گەلاوێژ، شاری مەهاباد دیسان خرۆشاو و خەڵکی ئەو شارە خوازیاری کۆتایی هێنان بە میلیتاریزە کردنی شاری مەهاباد و چوونە دەری هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناو شار بوون. خەڵکی دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی تێکهەڵچوون و هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان بەردەباران کرد، لە بەرانبەردا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشی سەرکوتکارانەیان کردە سەر خەڵك و بە گازی فرمێسك ڕێژ بەرەڕووی خەڵك بوونەوە و تێکهەڵچوون هەتا چەند سەعاتێك درێژەی کێشا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی گەلاوێژ، یەکێ لە کەم وێنەترین هاوپشتی و یەکگرتووییەکانی خەڵکی کوردستان، کۆماری ئیسلامی ڕاچڵەکاند. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە لە جەریانی ڕووداوەکانی شاری سەقزدا، بە ئەنقەست حسێنییەی ئەو شارەیان ئاگر تێبەردا بوو، هەتا دووبەرەکایەتی بخەنە نێوان کوردی شیعە و سوننی، کاتێك یەکگرتوویی کورد و ئازەرەییەکانیان لە شاری نەغەدە بینی، هەموو پیلانەکانیان پووچەڵ بووەوە. خەڵکی شاری نەغدە لەم ڕۆژەدا، بە داخستنی دوکان و بازاڕەکانیان و سازدانی مانگرتنێکی کەم وێنە، پشتیوانی خۆیان لە خەڵکی شاری مەهاباد و شارەکانی دیکەی کوردستان دەربڕی. ئەم مانگرتنەی کورد و ئازەرەییەکانی شاری نەغەدە گرینگییەکی مێژوویی وهەستاری هەبوو لە ڕەوتی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لە سەرکوتی هەموو خەڵکی ئێران و بە تایبەت یەکگرتوویی گەلانی ئازەری و کورد.کۆماری ئیسلامی کە سالانێکە لە ناوچەکەدا هەوڵ دەدا بۆ سازدانی دژایەتی نەتەوەیی و میللی و ئایین و بیکاتە گورزێك و بە دژی گەلانی ئێران کەڵکی لێ وەرگرێ، بەڵام یەکگرتوویی خەڵکی شاری نەغەدە سەرشۆڕی کردن.

ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ، ناڕەزاییەکی گشتی لە شاری بۆکانیش هاتە ئاراوە و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری بۆکان کۆبوونەوەیەکی ئیعترازیان پێکهێنا و بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەڵکی شاری مەهاباد، ویستیان بەرەو ئەو شارە وەڕێ بکەون. بەڵام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی شار جێگیر بوون و بەریان بە چوونی خەڵکی ناڕازی شاری بۆکان بۆ مەهابادیان گرت.

ڕۆژی ١٦ی گەلاوێژ، هەروەها شاری کامیارنیش بە ئاخێزە گەورەکەی کوردستان پەیوەست بوو. شاری کامیارن بوو بە شانۆی تێکهەڵچوونی خەڵکی خۆپیشاندەر و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. خەڵکی شاری کامیاران کە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مەهاباد و مەحکووم کردنی جنایەتەکانی ڕژیم لە مەهاباد و سەقز و شارەکانی دیکە ڕژابوونە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان ساز کردبوو، هێرش کرایە سەر خۆپیشاندانەکەیان و ئەوانیش بەرەنگاریان بوونەوە و بە تێکشاندی چەند بانك و ئیدارەی دەوڵەتی وەڵامی سەرکوتکاریی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییان دایەوە. کوژرانی لاوێکی شاری کامیاران بە دەستی هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژێك بەر لەو تێکهەڵچوونە، هێندەی دیکی خەڵکی شاری کامیارانی تووڕە و ناڕازی کردبوو.

ڕۆژی ١٧ی گەلاوێژ، خەڵکی شاری تکاب، بە داخستنی دوکان و بازاڕ و سازدانی کۆبوونەوەی ناڕەزایی دەربڕین، پشتیوانیان لە خەڵکی شاری مەهاباد کرد، بلام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەکەیان و ژمارەیەك لە خەڵکیان دەسگیر کرد، خەڵکی شاری تکاب بە کورد و ئازەرییەوە بەرەنگاریان بوونەوە و شانۆیەکی دیکە لە یەکگرتوویی نێوان کورد و ئازەرییان نیشاندا. هەروەها لە شاری کرماشانیش، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بەرگرتن لە خۆپیشاندانی خەڵکی شاری کرماشان بە بۆنەی ڕووداوەکانی

کوردستان، رژانه ناو شەقام و گەڕەکەکانی ئەو شارە و شاریان میلیتاریزە کرد و گەشتییەکانیان لە ناو شاردا دەگەڕا و بەریان بە کۆبوونەوەی چەند کەسی لاوان دەگرت.

پێویستە بوترێ کە لە رۆژی ١٠ی مانگی گەلاوێژدا، کرێکارانی کارخانەی شاهۆی سنە، سەرکەوتنێکی گەورەیان بە دەست هێنا. کرێکارانی کارخانەی شاهۆ، ماوەیەك بوو لە سەر کارەکانیان دەرکرابوون، بەڵام بە چەند جار مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین، سەرەنجام توانیان سەرکەوتن بە دەست بێنن و بگەڕێنەوە بۆ سەر کارەکانیان.

## خەرمانان

رۆژی یەکشەممە، ١٣ خەرمانان، کۆماری ئیسلامی پەڵەیەکی رەشی بە کارنامەی پڕ لە جنایەتی خۆی زیاد کرد و یەکێکی دیکە لە چالاکانی سیاسیی کوردستانی لە سێدارەدا. لەم رۆژەدا جەللادانی کۆماری ئیسلامی کاك ئیسماعیلی محەممەدی، یەکێك لە زیندانیانی سیاسی کوردیان بە تاوانی پەیوەندنی سیاسی لەگەڵ کۆمەڵە، لە زیندانی ورمێ لە سێدارەدا. کاك ئیسماعیلی محەممەدی ٣ ساڵ بوو لە زینداندا بوو و پاش ١ ساڵ بلاتەکلیفی حوکمی لە سێدارەدانی لە لایەن دادگای کۆماری ئیسلامییەوە پەسەند کرا. ئیعدامی کاك ئیسماعیلی محەممەدی دەنگدانەوەی زۆری بوو لە میدیاکاندا، چونکە چەندین مانگ بوو کەمپەینێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە کاك ئیسماعیلی محەممەدی وەڕێ کەوتبوو.

لە مانگی خەرمانانی ساڵی رابردوودا، هێزەکانی بەسیج لە ئاواییەکانی سەر سنوور، بە تایبەت لە سنووری مەریوان، گوشاری زۆریان هێنا بۆ خەڵکی ئاواییەکان و بە تایبەت لاوان، هەتا بەرەو بەسیج رایانکێشن. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، مەترسی بوونی هێزی پێشمەرگەیان لە ناوچە سنوورییەکان بەدی دەکرد و دەستیان کرد بە دانانی پۆستی پشکنین و دەستیان کرد بە ئازاردانی خەڵك و پشکنینی ماڵان لە ئاواییەکانی سەر سنوور. بەڵام وەك هەمیشە خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان، وەڵامی نایان بە هێزی بەسج و باقی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دایەوە.

بە داخەوە لە مانگی خەرمانانی ساڵی رابردوودا، زیاتر لە ٨ کۆڵبەر لە سەر سنوورەکانی کوردستان، بە هۆی تەقەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لە دەستدا. هەر بۆیە زۆرترین رێژەی قوربانیانی سەر سنوور لە مانگی خەرمانانی ساڵی رابردوودا بوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە خوڵقاندنی هەر کام لەو جنایەتانە، رق و تووڕەیی زۆرتری خەڵکی کوردستانیان بۆ خۆیان کڕییەوە.

## رەزبەر

رۆژی ١٠ی مانگی رەزبەر، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، کە هێشتا مەترسی دەستپێکردنەوەی ئاخێزی خەڵك، مانۆڕێکی بەرفراوانیان لە ناوچەی مەریوان و بە تایبەت لە ناو شاری مەریواندا بەڕێوە برد. لەو مانۆڕەدا کە ناوی رەزمایشی حسێنیانیان لە سەر دانابوو، ١١ گوردان لە هێزەکانی بەسیجی تێیدا بەشدار بوون، و دواتر ئەم مانۆڕەیان بردە ناوچەی سنە و ناو شار سنە و هەموو شەقام و شوێنە سەرەکییەکانی ئەو شارەیان خستە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. تەنانەت لە چەندین ئوستانی دیکەوە بە هەزاران کەس لە هێزەکانی بەسیجیان هێنایە کوردستان و بەمجۆرە ویستیان خەڵکی کوردستان بترسێنن. بەڵام بەم کارەیان نە تەنیا نەیانتوانی خەباتی خەڵکی کوردستان لاواز بکەن، بەڵکوو لە مانگەکانی داهاتوودا، خەڵکی کوردستان خەباتەکەیان پەیگیرانەتر بەرەوپێش برد.

ڕۆژی ١٩ی ڕەزبەر لە شاری سنە، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵ، ڕێ و ڕەسمێکی شکۆدار بەڕێوە چوو و لەگەڵ پێشوازیی گەرمی منداڵانی شاری سنە بەرەوڕوو بوو. بە وتەی بەشدار بووان و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێ و ڕەسمە بێوێنەترین ڕێ و ڕەسمی ڕۆژی جیهانی منداڵ لە کوردستان بوو.

## خەزەڵوەر

ڕۆژی ٣ی مانگی خەزەڵوەر، خەڵکی تێکۆشەری شاری مەهاباد، بۆ جارێکی دیکە خرۆشان و بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین لە حاست جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕژانە سەر شەقامەکان. هۆی خرۆشانی ئەمجارەی خەڵکی شاری مەهاباد ئەوە بوو کە لاوێکی ئەو شارە بە ناوی مستەفا ڕەسووڵی نیا کە لە جەریانی خۆپیشاندانەکانی رابردووی شاری مەهاباددا گیرا بوو و تۆمەتی کوشتنی دەرەجەدارێکی کۆماری ئیسلامی لێدرابوو، بە سزای ئێعدام مەحکووم کرابوو. خەڵکی شاری مەهاباد بە دانی دروشم بە دژی کۆماری ئیسلامی و ڕێبەرانی ناڕەزایەتی خۆیان دەربڕی. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دامرکاندنەوەی ئەو تووڕەیی خەڵك، شەقامەکانیان گەمارۆدا و دەستیان کرد بە تەقە کردن لە خەڵك و هێرشی کردە سەر خۆپیشاندەران و تێکهەڵچوونێکی لە نێوان خەڵك و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوویدا.

ڕۆژی ١٢ی خەزەڵوەر، بڵاوبوونەوەی هەواڵی دامەزراندنی کاناڵی ماهوارەیی ڕۆژهەلات تی‌ڤی، لە رادیۆی دەنگی کۆمەڵەوە، تین و تەوژمی زۆری خستە ناو دڵی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان. خەڵکی کوردستانی ئێران لە ناوچە جۆراوجۆرەکان، بەم بۆنەوە شادی و خۆشی خۆیان دەربڕی و بە تایبەت لە شارەکانی مەهاباد، سنە، مەریوان و بۆکان خەڵك بە ئاشکرا پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد. خەڵکی کوردستان دەمێك بوو پێویستیان بە بوونی وەها میدیایەك دەکرد کە ببێتە دەنگی ئازادیخوازانەیان و لە سەروبەندێکدا کە خۆپیشاندانی ڕۆژانەی خەڵکی شارەکانی کوردستان سەرکوت دەکرا، بڵاوبوونەوەی هەواڵی دامەرزاندنی وەها کاناڵێك و بانگەوازی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بۆیارمەتیدانی ماڵی بەو تەلەڤزیۆنە، هیوا و هۆمێدی زۆرتری بردە ناو دڵی ئەو خەڵە ئازارچێشتووە.

ڕۆژی ٢٩ی خەزەڵوەر جارێکی دیکە خەڵی شاری مەهاباد خرۆشان و ئەمجارەیان خۆپیشاندانێکی لە چەشنی یەکەمین خۆپیشاندانەکەی شاری مەهاباد ڕوویدا و چەندین ئیدارەی و شوێنی نیزامی لە شاری مەهاباد بە دەستی خەڵکی تووڕە تێك شکێندران. لەو ڕۆژەدا دوو کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بێحورمەتی بە ژنێك دەکەن و لاوێکی شاری مەهاباد بە ناوی شێرکۆ ئەمینی بە گژیاندا دەچێ، سەروان سادقی، یەکێ لەو دووکەسە، دەست بە جێ بە دەمانچەکەی، شێرکۆ ئەمینی دەکوژێ. بڵاو بوونەوەی هەواڵی کوژرانی شێرکۆ ئەمینی خەڵکی شاری مەهابادی تووڕە کرد و خەڵکی بۆ چەندەمی جار لە ماوەی ٤ مانگی رابردوودا خرۆشان و دەستیان کرد بە خۆپیشاندان و مەحکووم کردنی ئەو جنایەتەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. هێزەکانی ڕژیم هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەران و دەستیان کرد بە تەقە کردن لە خەڵك. خەڵك بەرپەرچیان دایەوە و بە ئاگر تێبەردانی کەلانتەری ژمارە ١٣ و چەند شوێنی دیکەی دەوڵەتی بەرەنگاریی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوونەوە.

## سەرماوەز

ڕۆژی ٣ی سەرماوەزی ١٣٨٤، خەڵکی شاری مەهاباد بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە حاست جنایەتی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و کوشتنی شێرکۆ ئەمینی دوکان و بازاڕەکانیان داخست و مانیان گرت. بەمجۆرە بۆ کۆماری ئیسلامی دەرکەوت کە بە هێزی نیزامی و سەرکوت ناتوانێ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان

دامرکێنێ و پاشە کشەی پێبکات. لەم ڕۆژەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە خێرایی هەموو شارەکەیان میلیتاریزە کرد و لە ناو شار و هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەری شاری مەهاباد جێگیر بوون و نیگەرانی لە سەر و سیمایان نیشتبوو. کۆماری ئیسلامی تەرمی شەهید شێرکۆی ئەمینی بە خانەوادەکەی داوە و هەڕەشەی توندی لێکردن کە بە بێدەنگی بینێژن و بۆ ئەم مەبەستەش ٢٠٠ کەس لە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هەتا گۆڕستان و بە خاك سپاردنی تەرمی شەهید شێرکۆ ئەمینی، چاوەدێری خانەوەدادەکەیان دەکرد.

ڕۆژی ٧ی سەرماوەز، سەدان کەس لە خوێندکارانی کوردی زانکۆی تاران، بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە حاست جنایەت و سەرکوتکاریی هێزەکانی ڕژیم لە کوردستان وپێشێلکردی ماف خەڵکی کوردستان و بە تایبەت کوشتنی شێرکۆ ئەمینی و چەند هەڵسووڕاوی سیاسی لە کرماشان و گیرانی چەند هەڵسووڕاوی کرێکاری لە شاری سەقز، کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان لە بەردەم دانشکەدەی ئەدەبیانی زانکۆی تاراندا ساز کرد و هەتا دەرەنگانی شەو درێژەیان بە ناڕەزایەتییەکەیان دا.

## بەفرانبار

کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ڕۆژەکانی مانگی بەفرانباردا، بە رووخاندنی دەیان خانوو لە گوندی سەید حەسەن لە نزیك شاری سنە، نیشانیدا کە تەنیا بە سەرکوتی خۆپیشاندانەکان دژایەتی و دوژمنایەتی خەڵکی کوردستان ناکا، بەڵکوو بە هەموو شێوەیەك دژ بە خەڵکی کوردستان دەجووڵێتەوە. ڕۆژی ٣ی مانگی بەفرانباری ١٣٨٤، شارەداریی شاری سنە، بە یارمەتی و پاڵپشتی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، هێرشیان کردە سەر گوندی سەید حەسەن لە نزیك شاری سنە و دەیان خانووی خەڵکی زەحمەتکێشی لەو گوندە وێران کرد. خەڵکی ئەو گوندە ناڕەزایی توندی خۆیان بەم کردەوەیە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەبڕی و مەحکوومیان کرد و لە بەردەم ئوستانداریدا کۆبوونەوەیەکی ئێعترازیان ساز کرد.

ڕۆژی ٢٤ مانگی بەفرانبار، لە لایەن تاقمێکەوە بە ناوی ئوممەتی حیزبوڵڵای کوردستان، لقی شاری سنە، راگەیاندنێکی پڕ لە هەڕەشە و گوڕەشە لە ناو شاری سنەدا بڵاو کرایەوە کە هەڕەشەی مەرگی لە چالاکانی سیاسی و فەرهەنگی و پشتیوانانی ماف مرۆڤ کرد. لە راگەیاندنی ئەو تاقمەدا ناوی ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەوانان و چالاکانی ماف مرۆڤ هاتبوو و هەموویان بە نۆکەرانی بێگانە و داردەستی " زیدی ئنقلاب" ناودێر کرابوون. کۆماری ئیسلام و وەزارەتی ئیتلاعاتەکەی، دەیهەوێ بە سازدانی وەها تاقمێك بۆ جارێکی دیکە دەست بداتە کوشتن و بێ سەر و شوێنکردنی ئازادیخوازانی کوردستان و وەڕێخستنی دۆخی ترساندن و تۆقاندن.

## ڕێبەندان

ڕۆژی ١٧ی مانگی ڕێبەندان، بە هۆی سەرەڕۆیی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە گەڕەکی باغی شایگانی مەهاباد، بە بیانووی گەڕانی بە شوێن باری قاچاغدا، تێکهەڵچوونێ لە نێوان خەڵکی ئەو گەڕەکە و مەئموورانی هێزی ئینتزامی روویدا. ڕۆژی دواتر دیسان هەمان گەڕەك لە شاری مەهاباد، بوو بە مەیدانی تێکهەڵچوونی خەڵك و هێزی ئینتزامی و سەرەنجام خەڵك کارێکیان بە هێزی ئینتزامی کرد کە بە چۆك دابێ و چیتر سەر بەو گەڕەکەدا نەکەن.

ڕووداوەکانی تایبەت بە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە، گەورەترین ڕووداوەکانی مانگی ڕێبەندان بوون کە لە بە دڵنیاییەوە لە هەموو ساڵەکانی رابردوودا بێ وێنە بوو. بە نزیکبوونەوەی ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی

دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای کۆمەڵە، زۆرەبەی شار و گوندەکانی کوردستان بوون بە مەیدانی جەژن و شادی و بە دەیان هەزار تراکت و نووسراوەی کۆمەڵە لە ناو شار و گوندەکاندا بڵاو بوونەوە.

لە شاری مەهاباد، بە دەیان هەزار تراکتی کۆمەڵە هەر لە هەفتەیەك بەر لە ٢٦ی ڕێبەندانەوە لە ناو شاری مەهاباددا بڵاو بووەوە. ڕێژەی تراکتەکان بە ڕادەیەك زۆر بوو کە بۆ کۆکردنەوەیان و لێکردنەوەیان لە سەر دیوارەکان، کۆماری ئیسلامی دەستەوداوێنی شارەداری ببوو. لە چەندین شوێنی شاری مەهاباد و لە سەر چەندین بەرزایی لە ڕۆژانی بەر لە ٢٦ی ڕێبەندان و ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان ئاگر کرایەوە و هەموو خەڵکی کوردستان دەیانزانی کە فەزای شارەکان گۆڕاوە. لە شاری سنە، سەرەڕای چاودێری توندی هێزە چەکدارەکان، بۆ ماوەی چەند هەفتە بەردەوام شەوانە، لە گەڕەکەکانی ئەو شارە هەزاران تراکت و نووسراوەی کۆمەڵە بڵاو بووەوە. لە مەریوان کۆڵان و شەقامەکانی ئەو شارە هەموو شەوێك بە تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە دەڕازانە و چەندین دەستە لە لاوانی ئازادیخوازی ئەو شارە، سەردانی گڵکۆی کاك فوادی مستەفا سوڵتانیان کرد. لە شاری بۆکان تراکت و نووسراوەکانی کۆمەڵە بۆ هەموو ماڵێکی شار بۆکان و میراوای بۆکان چووبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە ئەو وەزعەیان لە شاری بۆکان دی، لە سەر هەموو شەقامەکان مەئمووریان دانابوو هەتا بەر بە کاری ڕاگەیاندنی هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە بگرن. لە شاری بۆکان، هەروەها لایەنێك بە ناوی ژنانی ڕۆژهەڵات لە شاری بۆکان، بۆ هەرچی شکۆدارتر ڕاگرتنی ڕۆژی کۆمەڵە، چالاکی زۆری لە خۆی نیشاندا. لە شاری سەقز، پێشوازییەکی کەم وێنە لە ٢٦ی ڕێبەندان کرا. بە تایبەت کرانەوەی ڕۆژهەڵات تی‌ڤی کاریگەری زۆری هەبوو لەم پێشوازییە گەرمەی جەماوەر لە ڕۆژی کۆمەڵە. بەڵام ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان لە شاری دیواندەرە، بە شێوەیەکی تایبەتی ڕێزی لێگیرا. لاوانی شاری دیواندەرە، بە ئاشکرا ڕژانەی سەر شەقامەکان و بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان، دەستیان کرد بە ئاگر کردنەوە و هەڵپەڕین و شیرینی بڵاو کردەنەوە. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە چاوی بینینی ئەوەیان نەبوو، هێرشیان کردە سەر خەڵك و لاوانی شاری دیواندەرە و هەتا درەنگانی شەو، شادی و خۆشی دەربڕینی لاوانی شاری دیواندەرە درێژەی کێشا.

سەرکوتی خوێناوی خۆپیشاندانی خەڵکی شاری ماکۆ، لە لایەنی هێزە بێڕەحمەکانی کۆماری ئیسلامییەوە، یەکێ لە گەورەترین ڕووداوەکانی کوردستان لە ساڵی ڕابردوودا بوو. ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندان، کۆمەڵێ لە لاوان و خەڵکی شاری ماکۆ، بە سازدانی خۆپیشاندانێك، ناڕەزایەتی خۆیان لە درێژەدان بە زیندانی کردنی، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری لەبەند کراوی PKK دەربڕی. بەڵام ئەم خۆپیشاندانە هێمنانەیەش لە لایەن هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵتانی خوێن کرا. لە جەریانی ئەو سەرکوتکارییەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، ٧ی لە خەڵکی خۆپیشاندەر لە ئاکامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕژیمدا، کوژران و ٢٥ کەسیش بریندار بوون. کۆمەڵە هەر ئەو کات لە ڕاگەیاندنێکدا وێڕای مەحکوومکردنی جنایەتی ڕژیم لە دژی خەڵکی ماکۆ، خوازیاری ئازادیی ئۆجەلان بوو. ئەحمەدی نژاد و هێزە چەکدارەکانی نیشانیاندا، کە لە کوردستان، بێجگەلەی سەرکوتکار و زەبر و زەنگ و جنایەت کە کارنامەی ڕژیمەکەیان قورس و ڕەش کردوە، کارنامەیەکی دیکەیان نییە.

## ڕەشەممە

ڕۆژی ١٧ی ڕەشەممە، لە سینەما بەهمەنی شاری سنە، ڕێ و ڕەسمێکی شکۆدار بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژن بەڕێوە چوو و لە لایەن سەدان کەس لە ژنانی شاری سنەوە پێشوازی گەرمی لێکرا.

ڕۆژی ٢٠ی مانگی ڕەشەممە، لە شاری نەغەدە، شۆفێر تاکسیەکانی ئەو شارە، بە نیشانەی ئیعتراز بەرانبەر بە بڕیارەکانی پۆلیسی هات و چۆ، هەموویان دەستیان لە کاری کێشایەوە و مانگرتنێکی یەکگرتووانەیان بەڕێوە برد.

گەورەترین ڕووداوی مانگی ڕەشەممە، خۆپیشاندانی خەڵکی شار پیرانشار و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. لە دوایین ڕۆژەکانی مانگی ڕەشەممەدا، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر سنووری پیرانشار، تەقە لە کەسێك بە نوی فایەق سۆڤ شەریف دەکەن و دەیکوژن. دواتر ویستیان تەرمەکەی لەگەڵ خۆیاندا بەرن کە لەگەڵ بەرەنگاریی خەڵکی حازر لەو شوێنەدتا بوونەوە. سەرەنجام خەڵك، تەرمی کاك فایەقی سۆڤ شەریفیان بردەوە بۆ ناو شار. هەواڵی کوژرانی ناوبرا بە خێرایی لە ناو شاردا دەنگی دایەوە. خەڵکی بە نشانەی ئیعتراز، دوکان و بازاڕەکانیان داخست و خۆپیشاندانێك ساز دەکەن. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی هێرشی بێڕەجمانە دەکەنە سەر خەڵی خۆپیشاندەر و دەست دەکەن بە لێدانی خەڵك. خەڵکی شاری پیرانشار، قین و نفرەتی خۆیان دژ بە کۆماری ئیسلامی، بە سازدانی خۆپیشاندانی ئیعترازی نیشان دەدەن. بەڵام هێزەکانی کۆماری ئیسلامی وەك هەمیشە، هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندانی خەڵکی ناڕازی و بەم هۆیەوە تێکهەڵچوون لە نێوان خەڵك و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ڕوویدەدا. خەڵکی شاری پیرانشار بۆ وەڵامدانەوە بەم سەرەڕۆییەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی پاسگای ژمارە یەکیان تێکشکاند و پاسگای ژمارە ٢ش کەوتە بەر بەردەبارانی خەڵك و فەرمانداری و ستادی عەمەلیاتی هێزەکانی ڕژیم لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە گەمارۆ درا و شەڕ و پێکدادانێکی گەورە روویدا. کۆماری ئیسلامی بە دەست بردن بۆ ئەو جنایەتەی نیشانیدا کە دژ بە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە هیچ جنایەتێك سڵ ناکات.

وەك دوایین ڕووداەکانی ساڵی ڕابردوو، دەتوانین ئاماژە بکەین بە ڕووداوەکانی چوارشەممە سووری کە هەموو ساڵێك دەبێتە مەیدانی ململانێی نێوان خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ڕژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی. لە ڕۆژانی ڕابرددوودا، واتە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوو، سەرەڕەای دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سازدانی ڕێ و ڕەسمی تایبەت بە چوارشەممە سووری، خەڵکی کوردستان وەك سوونەتی هەموو ساڵێك، بە پێشوازی چوارشەممە سوورییەوە ڕۆیشتن و لووتکەی زۆربەی شاخ و چیاکانی کوردستان ئاگری چوارشەممە سووری و نەورۆزیان لە سەر کرایەوە.

بەمجۆرە کوردستانی ئێران، ساڵێکی پڕ لە ڕووداوی تێپەڕاند. خەڵکی کوردستانی ئێران و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەیان، ساڵێکی پڕ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئەزموون کرد. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ڕابردوودا، هێرشی کردە سەر دەیان خۆپیشاندان و ڕێپێوانی خەڵك و سەرکوتی کردن، ئەگەرچی هەر لە کوردستان چەندین ڕۆژنامە و بڵاو کراوەی داخست و دەیان ڕۆژنامەوان، نووسەر، بیرجیاواز و چالاکی سیاسی و پشتیوانی ماڤ مرۆڤی لە بەند کرد و حوکمی درێژ ماوەی زیندانی بەسەر دەیان کەس، بە تایبەت بەشدارانی خۆپیشاندانەکانی و ئاخێزەکەی ئەمساڵدا سەپاند، ئەگەرچی ژمارەیەکی لە سێدارەدا و دەیان کۆڵبەر و کاروانچی سەر سنووری کوشت و لاوانی کوردستان گەلێك ئازاردا، بەڵام هەرگیز نەیتوانی خەڵکی ناڕازی کوردستان، تەنانەت یەك هەنگاو بەرەو دوا پاڵ پێوە نێ و پاشەکشەیان پێ بکات. بە پێچەوانەوە ئەوە کۆماری ئیسلامی بوو کە لە جەریانی چەندین ڕووداوی گرینگدا لە حاست داخوازییەکانی خەڵك، پاشەکشەی کرد و چۆکی دادا. ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو، بە هەموو قوربانییەکانیەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانی لە بەرانبەر هێرشی داگیرکەراندا پتەوتر کرد و خەڵکی کوردستان ئەو ئەزموونانە

دەپارێزن و بێشك لە خەباتی داهاتوویاندا دەیکەنە سەرمەشق و کەڵکی گرینگی لێ وەردەگرن. بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتێکی تەواو نیزامی، وەك کابینەی ئەحمەدی نژاد، خەڵکی کوردستان زۆرتر لە رابردوو کەوتنە ژێر گوشاری حکوومەتییەوە و دخاڵەتەکانی رژیم لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکدا زیادی کردووە. بەڵام ئەم زەبر و زەنگە بێسنوورە و سەرەڕۆییەکانی دەوڵەتی ئەحمەدی نژادیش، نەیتوانیوە تا ئێستا چۆك بەم خەڵکە ئازارچێشتوو و ئازادیخوازە دابدات.

لە کۆتاییدا هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر باسی دەور و نەقشی حیزبێکی پێشڕەو وەك کۆمەڵە نەکرێ کە بە هەقیقەت دەور و نەقشی زۆر گرینگی بوو لە هیوا و هۆمێد بەخشین بە خەڵکی کوردستان لەو شەوە زەنگەی کۆماریی ئیسلامی لە زیندانێکی گەورە بە ناوی ئێران بۆ خەڵکی بە دیاری هێناوە. هەڵوێستەکانی کۆمەڵە لە جەریانی هەموو رووداوەکانی ساڵی رابردوودا، دەدرەوشایەوە و جەماوەریش کەڵکی خۆیان لێ وەرگرت. ئەمە بۆ کۆمەڵە وەك شانازییەك دەمێنێتەوە و قەت فەرامۆش ناکرێ. ناکرێ باس لە رووداوەکانی ساڵی ١٣٨٤ کوردستان بکرێ و باسی رۆڵی کۆمەڵە لەو ساڵەدا نەکرێ و ئەوە حاشا هەڵنەگرە.

ئەگەر چی ئەم نووسراوەیە نەیتوانی هەموو رووداوەکانی ساڵی رابردوو بخاتە بەر چاو و بێ کەم و کورتی نییە، بەڵام تێکۆشا گرینگترین رووداوەکانی ساڵی رابردووی کوردستان باس بکات.

بە هیوای ساڵێکی دیکەی پڕ لە سەرکەوتن بۆ خەڵکی کوردستان و رزگاریی یەکجارەکی لە دەستی داگیرکەران. بە هیوای پتەو بوونی زۆرتری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان و بەدی هاتنی ئامانج و هیوا و هۆمێدەکانیان.